www.kurdistannet.org
15-8-2006 13:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێشەی کورد و نەبوونی چوارچێوە ... و: دکتۆر کەمال محەمەد

کارێکی ئاسان نییە و لایەنی کەم لە ئێسادا دوورە لە واقیعەوە، کە کورد داوای کوردستانی گەورەی یەکەم جار بکەنەوە، چونکە دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بڕیارن، هەروەها دەوڵەتانی تر کە کورد لە وڵاتەکەیاندا هەیە، هەموو ڕێکن لەسەر ئەوەی کە ڕاستییەکانی مێژوو ناتوانن ڕاستییەکانی جوغرافیا بگۆڕن و، چارەسەری ئۆتۆنۆمیش شتێکی بنەڕەتی و گونجاو نییە.

لە کتێبی (اداره الثقافه و قضایا معاصره) دا (دکتۆر عبدالکریم البکار) باسێکی نووسیوە بە ناوی (الاکراد چیاع الاطار) لێرەدا دەمەوێ وەگێڕدراوەکەی بەگوێرەی توانا بخەمە بەردەست خوێنەران:

کوردستان کاتی خۆی ویلایەتێک بوو لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەشی کوردەکانیش لە بەڕێوەبردن و دەسەڵات و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئابورییەکانی خۆیان وەک بەشی هەریەک لە ویلایەتەکانی تر بووە، هەروەها بەشیشیان لە ستەم و زۆری دەوڵەتی عوسمانی هەروەک ویلایەتەکانی تر بووە، بۆیە نابینی لەو کاتەدا گرفتێک هەبووبێت بە ناوی کێشەی کوردی و، هەتا ئەو نووسەر و هەڵکەوتووانەی کوردیش لەو کاتەدا زیاتر سەرقاڵی گرفتی وڵات بوون وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی نەک وەک کوردی و کێشەی کوردی ئەوکاتە بریتی بووە لە کێشەی میراتێکی زۆری پیاوە نەخۆشەکە، کە دابەش دەکرا بەپێی ستراتیژ و بەرژەوەندیی ڕۆژئاوایی ئەو کاتە.

لە ڕێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ) دا ئەوەی کە بەسەر کوردەکاندا هات بەسەر هیچ گەلێکی تری ناوچەکەدا نەهات، دابەشکردنی ویلایەتی کوردستان کە نزیکەی نیو ملیۆن کیلۆمەتری دوو جار دەبوو بەسەر پێنج دەوڵەتی جیاوازدا کە ئێران، عێراق، سوریا تورکیا و باشووری یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو، پاش لێکهەڵوەشاندنی یەکێتیی سۆڤیەت بەشێکی کوردەکان کەوتنە بەر ئەرمینیا و بەشەکەی تری کەوتە بەر ئازربایجان، واتە ئێستا بەسەر شەش دەوڵەتدا دابەش بوون، ئەم بەشبەشبوونەی ویلایەتی کوردی خۆی لەخۆیدا و بەدەر لە جۆری مامەڵەکردنی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ کورددا گورزێکی بەهێز بوو کاریگەرییەکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی هەبوو لەسەر تاکی کوردی، چونکە زیاتر لە چوار ملیۆن کورد کەوتنە لێکداپچڕان و پاشکۆییکردن و داگیرکردنی خاک و نیشتمانەوە، ئەو خاکەی کە هەزاران ساڵە باوباپیرانی لەسەری دەژین، بێبەشبوون لە سوودوەرگرتن لە بەربوومی سروشتی خاکەکەیان کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە ئاوی سازگار و نەوتدا دەبینییەوە. لێرەدا دەمەوێ سێ خاڵی سەرەکی ڕوون بکەمەوە:

1- عوسمانییەکان لەگەڵ ئەو هەموو هەڵە و کەم و کورتییانەی کە هەیانبوو، جۆرێک لە سیستمی فەرمانڕەواییان پیادە دەکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر دەگونجا لەگەڵ جیاوازیی نەتەوەیی و زمانی ئەو گەلانەی کە فەرمانڕەواییان دەکرد، سیستەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی لایەنی کەم لە دروشم و ئاشکراییدا ئیسلام سەرچاوەی یاسادانان و فەرماڕەوایی بوو، هەر لەم سەرچاوەیەوە شەرعیەتی وەرگرتبوو و گەلیش هەر لەم سەرچاوەیەوە ملکەچی یاسا و فەرمانەکانی بوون. ئەمە خاڵێکی گرنگ بوو لە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا، زیاتر لەوەیش بڵاوبوونەوە و جاڕدانی دروشمی (برایەتیی ئیسلامی) زۆر جار پێشتر دەخرا لە برایەتیی خێزانی و گەل بوبووە هۆی ئەوەی زۆر جار گەلی کورد چاوپۆشی بکەن لە زوڵم و زۆری کاربەدەستانی دەوڵەت و لە کەم وکورتییەکانی دەوڵەت ببوورن، بۆیە نابیستین کە کورد لەو ماوەیەدا سەرچاوەی لاوازکردن و ئاسۆری بووبێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئەگەرچی ناسراون بە ئازایەتی و سوارچاکی و هێز.

2- لەگەڵ بوونی هۆکارەکانی دەرەکی کە خۆیان لە هێزی ئیمپریالی ئەو کاتەوە و هۆکاری ناوەکیی لاوازبوون و جۆرەها هەڵەی کارگێری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بوونە هۆی داڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی هۆکارێکی گرنگی تر هەبوو کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، کە ئەویش سەرهەڵدانی سیستمێکی فەرمانڕەوایی تازە بوو کە دوایی ناسرا بە (دولە المواگنە) واتە دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون.

پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوتوو نەبوو لە پیادەکردنی دروشمی برایەتیی ئیسلامی و بەرەوپێشبردنی وڵات لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و پاش بەربەرەکانییەکی زۆری نێوان دەسەڵاتی کەنیسە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا سیستمی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون سەرەتا لە ئەوروپا هاتە کایەوە کە بووە هۆی ئومێدی زۆر لە گەلانی ژێر دەستەی ئەو کاتە و گەلی کوردیش یەکێک بوو لەوان.

هەندێ لە جیاکەرەوەکانی ئەم سیستمە تازیە:

1- پەیوەندیی نێوان تاک و دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەو بەرنامە سیاسییە کە حیزبی دەسەڵاتدار پێشکەش دەکات و لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی مافەکانی هاووڵاتییە.

2- هیچ مانایەکی ئەوتۆی راستی بۆ برایەتی لەسەر بنەمای بیروباوەڕ نامێنێ و یەک بیری و یەک مەزهەبی و یەک نەتەوەیی گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو خاڵی سەروەریی یاسا و هاووڵاتیی چاک ئەو کەسەیە کە باشتر پیادەی یاساکان دەکات و ئەرکەکانی بەرامبەر نیشتمان ئەنجام دەدات.

3- بەدەستهێنانی ئازادی بە مانا و شێوەیەکی فراوانتر، چونکە بنەمای سەرەکی هاووڵاتیبوونە و دامەزراندنی برایەتی لەسەر بنەمایەکی تازە کە ئەویش یەکسانبوونە لە ماف و ئەرکەکاندا بەدەر لە ئینیتمای نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی.

4- هیچ تاکێک ملکەچ نییە بۆ هیچ یاسایەک، لەبەر ئەوەی لە فلان نەتەوە یان زمانە و، هاووڵاتی وەک تاک بەرپرسیارە بەرامبەر ئەرکەکانی و مافی داواکردنی مافەکانی خۆی هەیە.

5- سیستمی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات کاری پێ دەکرێت و هەموو هاووڵاتییەک مافی بەشداربوونی هەیە.

3- ناسنامە یان (هویە) بریتییە لە هەندێ سیفاتی جیاکەرەوە، کە هەر گەل و نەتەوە یان حیزب و تاکێکی پێ جیا دەکرێتەوە لەوانی تر. ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەم بوارەدا خاوەنی ناسنامەیەکی گشتییە موسڵمان بەرامبەر ئاینەکانی تر جیا دەکاتەوە، هەروەها هەموو گەل و نەتەوە و هەرێمێک، بەڵکو هەتا دەگاتە هەموو تاکێک ناسنامەی جیاکەرەوەی خۆی لە دەوروبەرەکەی خۆی هەیە.

دەڵێن ناسنامە وەک لەشساغی وایە، هەتا نەکەوێتە مەترسییەوە هەست بە گرنگییەکەی ناکەی، ئاشکرایە کە گەلی کورد خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی هاوشان لەگەڵ ناسنامە گشتییە ئیسلامییەکەی کە هەیەتی.

پاش ئەم پێشەکییە دەڵێین:

پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و پاش دابەشبوونی کورد بەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە باسمان کرد، بێگومان هیچ لەو دەوڵەتانەی کە کورد بەسەریاندا دابەش بوبوو لەسەر بنەمای ئیسلامی و لەژێر ناونیشانی ناسنامەی گشتیی ئیسلامیدا مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورد نەکرد، هەروەها هیچکام لەو دەوڵەتانەش لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دروست نەبوبوو، هەتا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورددا بکەن، بەڵکو دروستبوونی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای نەتەوەگەرایەتی و دەمارگیرێتی و دەسەڵات تەنها بە دەست چینێکی دیاریکراوەوە بوو، کوردیش بە هاووڵاتیی پلە دوو یان سێ خۆی بینیوە، بوونی ئەم بارە ناهەموارە خۆی لەخۆیدا بەس بوو بۆ ئەوەی کورد بەشوێن رێگەچارەیەکەدا بگەڕێت.

ئاشکرایە کە ناسنامەی کوردی خۆی دەبینێتەوە بە شێوەیەک لە زمان و مێژووی نەتەوایەتیی کورددا، ئەمە جگە لە هەڵس و کەوت و رەفتار و شتی رەمزی تر و کاتێک هەموو ئەمانە کەوتنە ژێر ئەگەری بوون و نەبوونەوە، بۆیە جۆرەها شۆڕش و روبەڕووبوونەوە پەیدا بوون لەلایەن کوردەکانەوە بەرامبەر فەرمانڕەوا یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتانە.

بوونی نەتەوە و گەلانی جیاواز لە وڵاتدا وەک شمشێرێکی دوولایەنە وایە، کاتێک بە دادپەروەری و یەکسانی و شەفافیەت مامەڵەی لەگەڵ کرا، مانای تەواکاری و جوانکاری دەبەخشێ، بەڵام کاتێک بە توندوتیژی و ستەم و زۆر مامەڵەی لەگەڵ کرا، دەبێتە هۆی دەستێوەردانی دەرەکی و ئەو راستییەی کە زاڵم و ستەمکاران نایزانن ئەوەیە کاتێک ستەم بڵاو دەبێتەوە و کاتێک هێز بەکار دێت بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، ئەو کاتە هێڵە سورەکان دەبەزێنرێن و شتە قەدەغەکراوەکان لای میللەت حەڵاڵ دەبن، وەک وتراوە (کاتێک ستەم هات پیرۆزی نامێنێت) ، بۆیە ئاساییە جۆرەها کوشتن و بڕین و رووخاندن و هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەتدا رووبدات و هەتا کار بگاتە ئەوەی هەندێ شت بکرێت کە ئەگەر لە کاتی ئاساییدا بکرێت بە خیانەتی گەورە لەقەڵەم بدرێت، بۆیە ئەوەی لەگەڵ کورددا روویدا گەورەترین داوەر ناتوانێت حوکمی تێدا بدات و شتەکان لە یەک جیا بکاتەوە، بەڵام بەم بیانوانەوە جۆرەها شت بەسەر کورددا هات هەر لە راگواستن و نیشتەجێکردنی کەسانی تر لە ناو خاکیاندا، هەتا کیمیابارانکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و هەتا کار گەییوەتە ئەوەی ماوەیان پێ نەدرێ بە زمانی خۆیان بخوێنن یان قسە بکەن، لەوەش زیاتر بەڵکو بە ناوی خۆشیانەوە بانگ نەکرێن و ناویان بنرێت (اتراک الجبل) .

لە دوای ئەمەوە دەڵێین:

کارێکی ئاسان نییە و لایەنی کەم لە ئێسادا دوورە لە واقیعەوە کە کورد داوای کوردستانی گەورەی یەکەم جار بکەنەوە، چونکە دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بڕیار، هەروەها دەوڵەتانی تر کە کورد لە وڵاتەکەیاندا هەیە، هەموو رێکن لەسەر ئەوەی کە راستییەکانی مێژوو ناتوانن راستییەکانی جوغرافیا بگۆڕن و چارەسەری ئۆتۆنۆمیش شتێکی بنەڕەتی و گونجاو نییە.

هەروەها نیشانەی دانایی و حیکمەتیش نییە بۆ گەڕان بە دوای موستەحیلدا، ئەوەی لەبەر دەستایە لە دەستی بدەی، بۆیە بە رای من چارەسەر خۆی دەبینێتەوە لە:

1. چارەسەری سەرەکی بریتییە لەوەی برا کوردەکان لەگەڵ برا موسڵمانەکانی تر لە وڵاتی خۆیاندا کار بکەن لە ژێر ناسنامەی گشتیی ئیسلامی و ناسنامەی تایبەتی کوردی بۆ کوردەکان لە هەر وڵاتێکدا، کارکردن بۆ گەڕانەوەی برایەتیی ئیسلامی وەک چوارچێوەیەکی گشتی، دابینکردنی یەکسانی و دادپەوەری بۆ هەموو لایەک.. ئەگەر کورد بەم شێوەیە بیریانکردەوە و کاریان کرد، ئەوا لە گەلێکی چەوساوەوە دەبن بە رابەر و سەرمەشق بۆ گەلانی تر و هیوا و رێپیشاندەری گەلانی تری موسڵمان.

2. ئەگەر ئەو چارەسەرەی سەرەوە دوورە، یان رەت دەکرێتەوە لەلایەن کوردەکانەوە، ئەوا ژیانی کوردەکان لەو وڵاتانەی کە تیایدان لەسەر بنەمای دەوڵەتی هاووڵاتی بێت وەک وڵاتانی رۆژئاوا.

هەتا کورد دەگەنە چارەسەر یان نزیک دەبنەوە لێی رێگایەکی درێژیان لەبەردەمدایە کە پێویستی بە ئارامی و کاری جددی و بەردەوامییە و باشترین رێگا و سەلامەتترینیان بریتییە لە رێگای ئاشتی و حیوار و دانوستان.

راو تێبینیی وەرگێر:

1. ئەم نووسراوە وەرگێڕدراوە و رای نووسەرەکەیەتی، مەرج نییە من رام وەک ئەو بێ.

2 . دکتۆر عەبدولکەریم مامۆستایەکی زانکۆیە و خەڵکی سوریایە، بەڵام ئێستا لە سعودیە مامۆستایە، جگە لەوەی نووسەرێکی سەرکەوتوو و ناسراوە، ئەگەرچی کورد نییە، بەڵام زۆر لە حاڵی کورد شارەزایە. بە رای من لەگەڵ کاری سیاسی و یاسایی و دەستوریدا پێویستمان بەکارکردنی رۆشنبیری و فیکری زۆر هەیە بۆ داکۆکیکردن لەسەر مافەکانمان بە تایبەتی لەسەر ئەم جۆرە کەسانە.